# فەندەمینتالیزمی ئیسلامی

وەرگێران لە فارسییەوە: سەڵاحەدین بایەزیدی

ئەگەرچی فەندەمینتالەکان، ئەم ساڵانەی دوایی بوونەتە جێگەی سەرنج، بەڵام جوڵانەوەکەیان شتێکی نوێ نییە و لەناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا باو بووە. سەرهەڵدانی ئەم جوڵانەوە و بزاڤانە بەگشتی نیشانەی قەیرانێکی قووڵە لە ناو ئەم کۆمەڵگایانەو بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەندێشەی سیاسی و لۆژیکیانەی ئیسلامی یاخود تایبەتمەندییەکی گشتی سیمای کۆمەڵگا موسڵمانەکان نییە. بەڵام فەندەمینتالیزم تەنها پەرچەکردارێکی شیاو نییە، چونکە هەر کۆمەڵگایەك وەڵامێکی جیاوازی هەیە بۆ قەیرانە جۆراوجۆرەکان و هەبوونی کورتە مێژوویەکی فەندەمینتالییانە لە خاڵێکدا نابێتە هۆی گەڕانەوە یان دووپات بوونەوەی ئەم دیاردەیە. بۆ نمونە، لەهەرێمە نیمچە سەحراییەکانی ئەفریقا لەچاو ڕۆژهەڵاتی ناوین موسڵمانی زۆرتر لێ دەژی و ئەگەر باکووری ئەفریقاشی بخەینە سەر، ئەوا دانیشتوانی دوو هێندەی ڕۆژهەڵاتی ناوینە. سەرەڕای ئەوەی لەسەدەی هەژدە و نۆزدەدا، پشتێنی ئەفریقایی لە سودان، بزاڤی فەندەمینتالییانەی زۆر بەهێزی بە خۆوە بینیوە، لەرۆژگاری ئیمڕۆدا کەمترین بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم جوڵانەوەیە لەو بەشەی ئەفریقا دا هەبووبێ، جگە لە سوودان ـ لەکاتێکدا کە ئەم ناوچەیە بەگشتی ڕووبەڕووی هەمان ئەو قەیران و گیروگرفتانەیە کە بۆتە هۆی دروست بوونی کرداری فەندەمینتالییانە لە باکووری ئەفریقا و دەڤەرەکانی تری ئیسلامدا.

فەندەمینتالیزمی ئیسلامی لەهەر شوێنێکی جیهان، نیشانەو هێمای ماڤی موسڵمانانە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسی، ئایینی و کەلتووری. واتە فەندەمینتالە ئیسلامییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نوێنەری هەڵبژێردراو و تاکە بژاری ئازادانەی کۆمەڵگاکانیانن، جا ئەو داواکارییانە بەشێوەی داخوازی بۆ بەڕێوەبردنی شەرع لەلایەن دەوڵەت خۆی بنوێنێ (کاتێك کە موسڵمانەکان زۆرینەن) یان پێڕەوی کردنی ئارەزوومەندانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێبازی ژیانی تاکەکەس بێ (کاتێك کە موسڵمانەکان کەمینە بن). زۆربەی باسەکانی تایبەت بە فەندەمینتالیزمی ئیسلامی، لەسەر باش بوونی بەڵگەکانی ناسنامەی ئیسلامی و سەربەخۆییەکەی بە شێوەی ئەبستراکییانەو بابەتییانە چڕ دەبنەوەو کەمتر سەرنج دەدەنە هۆکارە بنەمایی و دینامیکییەکانی ئەم دیاردەیە لە زەمینە تایبەتییەکانی کۆمەڵگا تایبەتیەکاندا. بۆ وێنە بەسەرنجدان بە ئاڕاستەی ئایدیۆلۆژی و کردەوەی سیاسیی گروپە فەندەمینتالەکان لە بازنە جۆراوجۆرەکاندا پێویستە پرسیار بکرێت ئایا ئەم ئاڕاستەیە ئامرازی مەنتیقی بۆ سەرلەنوێ ناسینەوەو بەفەرمی ناسینی ماڤی سەربەخۆیی و خودموختاری لە بازنەی مودێرنیتەدا لەبەر دەست دادەنێ و پرسیاری ڕیشەیی تر ئەوەیە کە ئایا فەندەمینتالیزم بەبانگەشەی پاڵ پشت بە نوێنەرایەتی بەربڵاو و هەمەلایەنەی ناسنامەی ئیسلامی، سیستەمی ئیسلامی و دیسپلینی لۆژیکی گونجاوە.

پێناسە و خوێندنەوەی فەندەمینتالیزمی ئیسلامی

سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەی فەندەمینتالیزم ـ ئەو وشەیە بەرهەمی ئەزموونی مێژوویی مەسیحیان لە ڕۆژئاوا بۆ ناساندنی جوڵانەوەی ئایینی و سیاسییەکان بەکار دێت ـ لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکانیشا هێشتا جێگەی باس و مشت و مڕە. ئەم وشەیە یەکەمجار لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا برەوی سەند و بە گروپێك لە پرۆتستانەکان دەگوترا کە لەنێوان ساڵەکانی 1910 و 1912، کۆمەڵێ نامیلکەیان بەناوی "فەندەمینتال، شاهیدی حەقیقەت fundamental; A Testimony of the Truth" بڵاو دەکردەوە. بەڵام کرۆکی ئەم وشەیە، نەدەبوایە ببێتە کۆسپ لەبەردەم بەکارهێنانی بۆ جوڵانەوە ئیسلامی، یەهودی و هیندو و نەریتە ئایینییەکانی تر، ئەگەر ئەوانیش هەمان تایبەتمەندییە بەرچاو و هۆکارە گرینگەکانی فەندەمینتالەکانیان هەبووبێ.

خەسڵەتی سەرەکیی جوڵانەوەی فەندەمینتالە پرۆتستانەکانی ئەمەریکا، نەرم بوون، کۆنپارێزی و دژایەتی لەگەڵ مۆدێرنیتە و لیبرالیزم و ڕەخنەگرتن لە دەقە پیرۆزەکان سەبارەت بە کلێسەی پرۆتستان و کەلتووری بەڕواڵەت پاڵ پشت بە تەوراتی ئەمەریکاییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بوو. ئەو جوڵانەوەیە خوازیاری پاراستنی شێوەیەك لە هەڵس و کەوتی ئایینی بەجێماو بوو کە ڕەها و وشك بوو و

تێگەیشتنی فەندەمینتالییانەی لە ئیمانی پرۆتستانیزم سەرچاوەی دەگرت. فەندەمینتالە ئیسلامییەکانیش تا ڕادەیەك هەر ئەو باوەڕەیان هەبوو و هەر ئەمەش، نیشاندەری بەکارهێنانی ئەم وشانەیە سەبارەت بەم جوڵانەوە و بزاڤانە. هەروەها بزاڤە ئیسلامییەکان لەباکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوین لە وشەی هاوشێوەو هاومانای ئەمە لە عەرەبی دا وەك (ئوسولی/ئوسولیون)، بۆ پێناسەکردنی خۆیان و ئیمانەکەیان کەڵکیان وەرگرتووە و بەکارهێنانی ئەم وشەیە بۆ پێناسەکردنیان تەنها و تەنها وەرگێردراوی وشە ئەمەریکییەکە نییە.

بانگهێشت کردن بۆ پێداگری و بەڕێوەبردنی بنەماکانی ئیمان ـ کە لە فروعەکەیەوە بخوێندرێتەوە ـ بابەتێکی کۆن و باوە لە گوتاری ئیلاهیات و سیاسی ئیسلامدا. بۆ نمونە لەسەردێڕی کتێبی "ئەلشەهری" (ز935) al-ibanha an usul al-diynah ئەم ڕاستییە بەرچاو دەکەوێ. هەندێك لێوەکۆڵی تریش ئەم وشەیەیان بەکارهێناوە وەك غەزالی و ئەبن تیمیا و ئەبن عەبدولوەهاب.

فەندەمینتالە ئیسلامییەکان وەك هاوپیشە مەسیحییەکانیان، خۆیان لەجێگەی ڕێبەر و پێشەنگی ڕەوشتی کۆمەڵگا داناوە، کۆمەڵگایەك کە بەبڕوای ئەوان لەبەر کوفر، بێ ئیمانی، گەندەڵی ئەخلاقی و دارمانی کۆمەڵایەتی شیاوی ڕەخنەگرتنە. ئەوان پێیان وایە مێژووی ئیسلام لەبەردەم تیاچوون و دارمانەو پێویستە سەر لەنوێ بەدەستی ئەوان ببوژێتەوە و بەرنامە خوداوەندییەکان لەسەر هەموو مرۆڤایەتی پەیڕەو بکرێن.

بەسەرنجدان بەدەسەڵاتی ڕەهای خودا لەسەر زەوی، کە تەنها لە لایەن ئەوانەوە دەناسرێ و دەست نیشان دەکرێ، فەندەمینتالە ئیسلامییەکان جیاوازی ئیسلام و دەوڵەت (حکومەت) و دەسەڵاتی خەڵك بەسەر چارەنوسیاندا ڕەت دەکەنەوە. بە بۆچوونی ئەوان، دەوڵەت تەنها ئامرازێکە بۆ بەڕێوەبردنی خواست و دەستوورەکانی خودا. هەروەك لە قورئانیشدا باس کراوەو لەهەندێك لە دەزگا یاساییە ئەخلاقییەکاندا دەبینرێ، حکومەت بۆ خەڵك نییە.

فەندەمینتالیزم لەمێژووی ئیسلامدا

ڕەوایەتی ئیسلامیی دەوڵەت، بەردەوام هۆکاری ململانێ و کێشەی نێوخۆیی موسڵمانەکان بووە لەسەردەمی کۆچی پێغەمبەری ئیسلام لە 932ی زایینی دا.

ململانێی نێوان مەشرووعییەتی ئیسلامی و ڕەوابوونی سیاسی لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا، بەگشتی لە ڕێگەی هاوڕایی و سازشی نێوان ئەمیر و زاناکان ڕێك دەخرا. لەم ڕێگەوە گرووپی یەکەم تیۆری شەرعییەتی بەدەست دەهێناو گرووپی دووهەمیش بەدەسەڵاتی سیاسی گرووپی زاڵەوە دەلکا. هەندێك جار، بڕێ لەدەسەڵاتداران بەشێوەیەکی ورد و دروست پەیڕەوییان لە شەرع کردوە، وەك ئەوەی لەسەردەمی عەباسییەکانی مەراکیش (909 ـ 761)، ئەلحەراوید لە مەراکیش و ئیسپانیا (1147 ـ 1056) و دەسەڵاتداری شیعەی فاتمییەکان لە بەشێکی باکووری ئەفریقادا ڕووی دا.

لەبەر نەبوونی چاوگەی مێژوویی تێروتەسەل و پێویست، تاوتوێ کردنی ڕادەی بەکارهاتن و سازانی بەڕێوەبردنی شەرع لەم قۆناغانەدا دژوارە، بەڵام هێماکردنی ئەو خاڵە لە مێشکدا دەگونجێ کە چییەتی دوور لە ناوەندی دەوڵەت و دادگا لە رابووردودا، بەڕێوەبردنی هەمەلایەنەو بەربڵاوی حوکمەکانی شەرعی بەو جۆرە کە فەندەمینتالەکان دەیانەویست، کردۆتە شتێکی ئەستەم.

کێشەی سەرەکیی لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی کە بێ کەموکوڕی، یاساکانی شەرع بەڕێوە ببات، نەبوونی دامودەزگای سیاسی و مەنتیقی بوو کە لەسەر بەڕێوەبردنی لەلایەن دەوڵەتەوە چاودێر بن. لەکاتێکدا وا بیر دەکراوە کە زانایان، پارێزەرانی شەرعن، ئەوان شتێکیان نەدەکرد جگە لە پەنا بردن بۆ لایەنە ئەخلاقی و ئایینییەکانی حاکمەکان. هۆکارێکی تر ئەوە بوو کە زانایان زۆر گرنگییان دەدا بە پاراستنی یەکێتیی کۆمەڵگا موسڵمانەکان و پاراستنی ئاشتی و نەزمی گشتی و بەتایبەت لە کاتی دەرکەوتنی کێشەی نێوخۆیی و هەڕەشەی دەرەکیی خۆیان لەوە دەبوارد کە نیازەکانیان بەزۆر بسەپێنن.

دەتوانین زۆربەی مێژووی ئیسلام بەشێوەی هەوڵدان بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی ببینین کە بەپەیمان و سۆزەوە لەپێناو بەڕێوەبردنی شەرع هەوڵیانداوە. بەڵام ئەم ئاواتە لەبەر ڕاستییە سیاسییەکان و نیگەرانی ئاسایش، هێدی هێدی کەم ڕەنگ بووە و دەبێ.

کاتێك هاوسەنگی هێزەکان بە قازانجی تێبینییە سەرەتاییەکان، گۆڕینی چرووپڕی داخوازییەکان بۆ بەڕێوەبردنی شەرع پەرە دەگرێ، زیاتر لە چوارچێوەی جوڵانەوەی فەندەمینتالی ئەهلی و هەرێمی خۆی دەنوێنێ.
بەر لە شەپۆلی دوایی فەندەمینتالیزم، نزیکترین ڕووداوی بوژانەوەو دەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە، لەجوڵانەوە جیهادییەکانی ناوچە نیمچە سەحراییەکانی ئەفریقا لە پشتێنی سودان دەبینرێ. ئەم بزووتنەوانە، سەرەتا لەدەڤەرە لێکدابڕاوەکان سەریان هەڵداو بەرە بەرە لەشوێنەکانی تریش بڵاو بوونەوەو شێوەی خەباتی ناوچەییان بەخۆوە گرت بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتگەلی ئیسلامی. نمونەی جوڵانەوەی جیهادی کۆن لە بزووتنەوەی ناسرەدین لە مۆریتانی (1977 ـ 1673)، مەلەك دوداسی لە گامبیا (دەیەی 1690) و ئیبراهیم موسا لە fouta Djallon دەبینرێ.
ئەم بزووتنەوەیە دواجار ساڵی 1776 بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم سوری دەوڵەتێکی ئیسلامی دامەزراند. سەرکەوتووترین و کارتێکەرترین دەوڵەتی ئیسلامی لە پشتێنی ناوەندی سودان بە سەرۆکایەتی عوسمان دان فودی (1817 ـ 1754) بوو، ئەو ڕەساڵەتەکەی لەساڵی 1774دا دەست پێکردو هەتا ساڵی 1808 سەرکەوتنی گەورەی نیزامی بەدەست هێناو ساڵی 1830 بەشێکی زۆر لە خاکی باکووری نیجیریا و باکووری کامێرۆنی ئێستای خستە ژێر کونترۆڵەوە. ئەم بزاڤە کە بە سوکوتوکالیپت بەناو بانگە، دواتر لە بەشەکانی باشووری نیجریا و چاد دا بڵاو بۆوە و کاریگەری لەسەر بزووتنەوەکانی تریش دانا. جوڵانەوەکانی تری ناوچە کە لەپێناو جیهاد دا کرابێتن، گرنگترینیان بریتییە لە بزووتنەوەی ئەلحاج عومەر (1864) لە ڕۆژئاواو محەممەد ئەحمەد ئەلمهدی (1885) لەدەوروبەری چەمی نیل.
ئەم بزاڤانەو بزاڤەکانی تری جیهاد لە پشتێنی سودان لە ئەفریقا، لەڕادەی بەربڵاوی، کارتێکەریی و ئەنجامەکانیاندا جیاوازییان هەبوو. هەندێك لەم بزاڤانە بەدەیان ساڵ لەسەر پێ مانەوەو توانیان دەوڵەتی ناوەندی ئیسلامی لەو بەشانەی ئەفریقا کە ئەمڕۆکە پێیان دەگوترێ نیجریا، ناوچەی دڵتا و گینە، دابمەزرێنن، لەکاتێکدا کە بزووتنەوەکانی تر لە ناوەڕۆکدا جۆرێك بووژانەوەی ئایینی بوون و سەرکەوتنی سەربازی و سیاسی کەمیان بەدەست هێنا.
زۆربەی ئەم جوڵانەوە جیهادییانە، لەڕاستیدا سەرهەڵدانی مامۆستایانی ئایینی و لایەنگرانیان بوو لە دژی نیزامییەکان و نوخبە زەویدارەکان. ئاڕاستەی ئیسلامیش لە هەر کامیاندا جیاواز بوو، بۆ هەندێکیان ئیسلام تەنیا هێزێکی سەفەربەر کردن بوو نەك بەرنامەیەکی ئایینی و سیاسی. جوڵانەوەکانی تر وەك هی حاجی عومەر و ساموری تور (1900 مردووە) سەما و خواردنەوە و توتون و سیحریان حەرام کردووە و مەراسیمی پەرستنی بوتەکانیان قەدەخە کردووە و زانایانی ئیسلامییان راسپاردووە تەنانەت لە ناوچە ناموسڵمانەکانی ژێر کونترۆڵیش، یاساکانی ئیسلامی پەیڕەو بکەن.
ئەم بزاڤانە لەگەڵ ئەوەی خەسڵەتە سیاسیی، ئابووری و ئاسایشییەکانی ناوچەکەیان لەبەر چاو دەگرت، لەهەمان کاتدا لە گەڵ قۆناخە سەرەتاییەکانی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپاییەکانیش ڕووبەڕوو بوون.
ئەم بزاڤانەی ئەفریقاش وەك جوڵانەوەی فەندەمینتالییانەی قۆناخەکانی پێش تر، لەناخی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهاتوو لە پێکهاتەی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان سەریان هەڵدەدا. سەرەڕای جوڵانەوە جیهادییەکانی دوایی، جگە لەسودان، بەڵگەیەکی کەم هەیە لەسەر دەرکەوتنی جوڵانەوەی فەندەمینتالییانە لە ئەو ناوچە نیمچە سەحراییانەی ئەفریقا کە پێشتر لە ژێر چنگی کۆلۆنیالیزم دابوون. بەهەر حاڵ ئەم کۆمەڵگایانە هێشتاش لەوانەیە، وەك پەرچەکردارێك بۆ قەیرانە بەردەوامەکان و بەرجەستەکردنی مافی خۆیان بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی، جوڵانەوەی فەندەمینتالانە بەخۆوە ببینن.

فەندەمینتالیزم وەك "خود ـ ئاڕاستەیی " لە بارودۆخە نوێیەکاندا

لەهەر شوێنێکی جیهان کە ئەمڕۆکە پتانسیەلی سەرهەڵدانی فەندەمینتالیزمی ئیسلامی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵگە نەویستە کە بارودۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە تیایدا بانگەشەی ناسنامەی ئیسلامی و خود ئاڕاستەیی دەکرێ، بەشێوەیەکی ڕیشەیی لەگەڵ شێوەکانی بەر لە کۆلۆنیالیزم ئەنجام دەدران، بەتەواوەتی جیاوازە. هەموو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەشێکن لەسیستەمی سیاسی و

ئابووری جیهان. ئەوان ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن و یاسا نێونەتەوەییەکان وەك ستاندارەکانی جاڕی گەردوونی مرۆڤ دەیانگرێتەوە. تەنانەت هەندێکیان بەشداری یاسای نێونەتەوەیی گومرك بوون، بگرە ئەگەر دەوڵەتەکەیان شەریکی بەڵێنە پەیوەندیدارەکان نەبووبێ. هیچ کام لەمانە، لەڕوانگەی ئایینییەوە هاوڕەنگ نین، لەبواری سیاسییەوە گۆشەگیر نین و لەڕوانگەی ئابوورییشەوە سەربەخۆ نین لە جیهانی ناموسڵمانەکان. تەنانەت دەوڵەتێکی بەڕواڵەت دەوڵەمەندی وەك عەرەبستان لە ڕوانگەی ئابووری و تەکنۆلۆژی و شێوەکانی تری وابەستەبوون، مەدیونی وڵاتە ناموسڵمانەکانە.

لەسەر ئەم بنەمایە خود ئاراستەیی ناتوانێ بەو مانایە بێ کە خەڵکی وڵاتێك بەتەواوەتی ئازاد بن هەر کارێکی دەیانەوێ لەچوارچێوەی وڵاتی خۆیاندا ئەنجامی بدەن. هەم لەڕوانگەی لۆژیکی یاسای بنەڕەتی وڵاتێك و هەمیش یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە تێکەڵی نێوان نەتەوەکان، مافی نەتەوەیەك یاخود گروپێك بۆ مافی خود ئاڕاستەیی، بەڕێگەی هەمان مافەوە لەلایەن ئەوانی ترەوە سنووردار دەبێ. مەنتیقی و شیاوی قبوڵ کردن نییە کە گروپێك لە موسڵمانەکان، ناموسڵمانەکان یاخود موسڵمانەکانی بەرامبەریان ناچار بکەن تێڕوانینێکی تایبەتیان بۆ شەرع هەبێت و پەیڕەوی لێ بکەن. جا ئەمە چ بەشێوەی سیاسەتی دەوڵەت بێت یان کردەوەی بەکۆمەڵ و نافەرمی گروپێك بێت. هەر جۆرە هەوڵدانێك لەم پێناوەدا پێ شێل کردنی مافی چارەی خۆنووسینی بەرامبەرە.

ئەگەر فەندەمینتالە ئیسلامییەکان مافی موسڵمانەکانی تر پێشێل بکەن بۆ ئەوەی تێڕوانینیان لەبارەی چییەتی و هۆکارەکانی ناسنامەی ئیسلامی دەربڕن یان دەربارەی باشبوونی چوارچێوە نەریتییەکانی شەرع قسە بکەن، ئیتر چ مەشرووعییەتێك دەمێنێتەوە بۆ مافی خود ئاڕاستەیی؟

سەرچاوە: گۆڤاری "اندیشە جامعە"